# هۆزگەرایی وەک بەشێکی سەرەکی بنەمای ئایدیۆلۆژیی حیزب

ئەمجەد شاکەلی

لە پەیدابوونی جەلالیزمەوە، وەک حیزب و جۆری بیرکردنەوە و جیهانبینییەک لە 1964ەوە، تا ئەورۆ، لە هەموو بۆچوون و گوتەیەکیاندا وایان پێشانداوە، کە ئەوان دژی تێز و نەریتی خێڵکیەتیی و هۆزگەری و تیرەبازیین. هەردەم ئەوان نەیارانی خۆیان(بنەماڵەی بارزانی) بە خێڵەکی نێوبردووە و پێیانوابووە بنەماڵەی بارزانی لە سەر بنەمای تیرە و هۆز دامەزراون و تیرە و هۆز و خێڵ دەپارێزن و برەو بە بیری خێڵپەرستیی دەدەن و هەمیشەش خۆیان، بەلای کەمەوە لە نێو لاوانی خوێنگەرم و نەریتبەزێندا، بە کراوەیی و پێشکەوتووخوازی و دژەخێڵ و دژەهۆز داوەتە ناسین و تەنانەت خەڵکانێکی سافیلکە و خۆشباوەڕ و تەنێ دیوی دەرەوە خوێنەرەوەش، بڕوایان بەو گوتانەی ئەوان هێناوە و پێیانوابووە، کە ڕاست دەکەن و ڕاست دەڵێن. من لێرەدا نموونەیەکی ناڕاستیی ئەو بانگاشەیەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و بیروباوەڕی جەلالیزم، دەخەمە پێش چاو، کە چۆن جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و کەونە"ماویست!" و خۆ بە"چەپ!" دانەناساندن و خەڵک ئەو بە "چەپ!" زان و حیزبەکەی وی و چەکدارەکانی، کە ساڵانێک پەڕۆیەکی سووریان لە قۆڵ دەبەست و لاسایی پاسەوانای سووری "ماو"یان دەکردەوە و خەڵک نێوی"کۆڵوانەسوور"یان لێ نابوون، برەو بە هۆزبازی و خێڵگەری و تیرەچێتی دەدەن و هەر ڕۆژەی پێشوازیی لە کۆمەڵێک خەڵکی خێڵ و هۆزەکان دەکات. من شێوەی گواستنەوەی ئەو هەواڵانە و ڕێنووسەکەی، بە هەموو هەڵە و چەوتیی ڕێنووس و زمانەوە، کە کەمترین گرنگیی پێ نادەن، ڕێک وەک خۆی، کە لە کوردستانی نوێدا بڵاوکراوەتەوە، هەروا دەگوێزمەوە.

کوردستانی نوێ دەنووسێت:"لەپێشوازیی ژمارەیەک مامۆستای ئایینی و کەسایەتی کۆمەڵایەتی ناوچەی کەرکوکدا، مام جەلال: سیاسەتمان ئەوەیە کەرکوک لەپێش هەموو شوێنەکانی ترەوەیەو چیمان لەدەست بێت بۆ خزمەتکردنی کوردو تورکمان و کلدۆئاشووری و عەرەبی ڕەسەن دریغی ناکەین"[1]. "لەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ نوێنەرانی کاکەییەکانی کوردستان، مام جەلال: پێویستە لەپەرلەمانی داهاتووی کوردستاندا کاکەییەکان نوێنەریان هەبێت و ئێمە لەو بارەیەوە پشتیوانیان دەبین"[2]."لەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ وەفدێکی برا ئێزدییەکانی ناوچەی شەنگال و شێخان، مام جەلال بڕیاریدا سەنتەری ڕووناکبیریی

---

[1] کوردستانی نوێ، ژمارە 3450، پێنجشەممە 2004/8/19.

[2] کوردستانی نوێ، ژمارە 3451، هەینی 2004/8/20.

ئێزدییەکان بکرێتەوەو حکومەتی هەرێمی کوردستانی راسپارد ژمارەیەک لە لاوانی برا ئێزدییەکانی ئەو ناوچانە لەدامودەزگاکانی حکومەتدا دابمەزرێنێ"[3]. "لەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ خزمانی هۆزی جاف، مام جەلال: بڕیارماندا گرنگیی زیاتر بەلادێکانی کوردستان بدەین کە خۆمان بەقەرزاریان دەزانین و هەرچییان بۆ بکەین هێشتا هەر کەمە"[4]."لەپێشوازیی وەفدێکی برا کلدوئاشوورییەکانی شاری کەرکوکدا، مام جەلال چەندین داواکاریی بۆ جێبەجێکردن و هەموو کارئاسانیی و هاوکارییەکیشی بۆ ئەو ماڵە کلدۆئاشوورییانەی ناوەراست و باشووری عیراق دووپاتکردەوە کە روودەکەنە کوردستان"[5]. "مام جەلال پێشوازیی لەوەفدێکی حزبی تورکمان ئیللی کردو رایگەیاند(ئیرادەو ئارەزووی تەواومان هەیە بۆ بووژاندنەوەی پەیوەندیی برایانەو هاوکاریی و هاوئاهەنگییکردن لەگەڵ هەموو لایەنەکانی تورکمان). پێشوازیی کرد لە وەفدێکی تەیاری لە دری"[6]. "لەپێشوازیی وەفدێکی سریانە ئەرسەدۆکسەکاندا، مام جەلال: لەناوچەکەی خۆمان گرنگییەکی زۆر بە مافی برایانی کلدۆئاشوور دەدەین و لەسەرتاسەری عیراقدا ئامادەین هاوکارو پشتیوانیان بین"[7]. "لەدیداری وەفدێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی شاری فەلوجەدا، مام جەلال: بۆ چارەسەرکردنی گرفتی فەلوجە پێویستمان بەپلانێکی هەمەلایەن و پێکەوەیی هەیەو دەبێت فەلوجەییەکان پلانێکیان هەبێت بۆ رزگارکردنی شارەکەیان و وەدەرنانی تیرۆریستان. وەفدەکە رایانگەیاند، کەڕاسپاردەی خەڵکی فەلوجەیان بۆ لای هەڤاڵ مام جەلال هێناوە بۆ ئەوەی توانا و حیکمەتی خۆی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی شارەکەیان بەکاربهێنێت"[8]."لەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ وەفدێکی عەشیرەتی گەرگەری دەڤەری زەمار، مام جەلال: لەبواری ئاوەدانکردنەوەو پێشکەشکردنی پرۆژەی خزمەتگوزارییەوە وا دابنێن کە ناوچەکانتان سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانن "[9]. "لەپێشوازیی جێگری میری ئێزدییان لەعیراق و جیهان، مام جەلال: بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پێگە مێژووییەی کە ئێزدییەکان هەیانە، پێویستە لەپرۆسەی سیاسییدا بەشداربن و لەپەرلەمان نوێنەریان هەبێت"[10]. "لەگەڵ برایانی شەبەک و ئێزدی و کیکی- ی دەڤەری موسڵ کۆبووەوە، مام جەلال ستایشی تێکۆشانی برا شەبەکەکانی کردو تەئکیدی کردەوە کەپێویستە تایبەتمەندییان بپارێزرێت و لەپەرلەمانی کوردستان و عیراق نوێنەریان هەبێت"[11]."لەپێشوازیی ژمارەیەک

---

[3] کوردستانی نوێ، ژمارە3457، هەینی 2004/8/27.

[4] کوردستانی نوێ، ژمارە 3459، دووشەممە 2004/8/30.

[5] کوردستانی نوێ، : ژمارە 3465، دووشەممە 2004/9/6.

[6] کوردستانی نوێ، ژمارە 3466 سێشەممە 2004/9/7.

[7] کوردستانی نوێ، ژمارە 3481، هەینی 2004/9/24.

[8] کوردستانی نوێ، ژمارە 3483، دووشەممە 2004/9/27.

[9] کوردستانی نوێ، ژمارە 3496، دووشەممە 2004/10/11.

[10] کوردستانی نوێ، ژمارە 3496، سێشەممە 2004/10/12.

[11] کوردستانی نوێ، ژمارە 3498، چوارشەممە 2004/10/13.

لەسەرۆک عەشیرەتەکانی عیراق، مام جەلال: پرۆسەی هەڵبژاردن ئێجگار گرنگ و یەکلاکەرەوەیەو زۆر گرنگە ئەو فرسەتە بەباشترین شێوە بقۆزینەوە بۆ بنیاتنانی عیراقێکی دیموکراتی فیدرالی پەرلەمانی"[12]."لەدیدارێکیدا لەگەڵ سەرۆکی ئایینی ئێزدیان لەعیراق و جیهان، مام جەلال: برا ئێزدییەکانمان بەشێکی زیندووی کۆمەڵگەی کوردین و چی لەدەستمان بێت درێغییان لێ ناکەین"[13]. "لەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ ژمارەیەک کەسایەتیی عەشیرەتی سورچی، مام جەلال: ی.ن.ک هەردەم خۆی بەپشتیوانی راستەقینەی برا سورچییەکان دەزانێت و چی لەدەست بێت درێغیان لێناکرێت"[14]. "لەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ نوێنەرانی چین و توێژەکانی سنووری سلێمانی و شارەزوورو هەڵەبجەو پێنجوێن، مام جەلال: شانازیی بەوەوە دەکەین کە حکومەتەکەمان پارەو بودجەکەی بەردەستی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان خەرج دەکات"[15]."مام جەلال لەگەڵ ژمارەیەک کەسایەتی عەشیرەتی میراودەلی کۆبووەوەو ستایشی خەبات و تێکۆشانی کردن"[16]."لەدوو کۆبوونەوەی جیادا لەگەڵ خزمانی عەشیرەتی مەنگوڕو عەشیرەتی غەوارە، مام جەلال:ململانێی نموونەیی لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا حاڵەتێکی جوان و تەندروستەو کوردستان گەشەپێدەدات. * ستایشی خەبات و تێکۆشانی هەردوو عەشیرەتی مەنگوڕو غەوارەی کرد لە بزووتنەوەی کوردایەتیدا"[17]."لەپێشوازیی ژمارەیەک کەسایەتیی ناوچەی بیتوێن-دا، مام جەلال ستایشی جەماوەری بیتوێن و پشدەری کردو رایگەیاند ی.ن.ک بەچاوی گرنگیپێدانی زۆرەوە دەڕوانێتە ئەو ناوچە گرنگ و تێکۆشەرەو خواستەکانیان"[18]. "لەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەکەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و نوێنەرانی چین و توێژەکانی عەشیرەتی گۆران، مام جەلال:ئێوە عەشیرەتێکی قارەمان و سەربەرزن و توانیوتانە بەشداریی لەخەباتی رەوای میللەتەکەماندا بکەن. هەڵبژاردنی عیراق زۆر چارەنووسسازو یەکلاکەرەوەیەو چارەنووسی کوردستان و داڕشتنەوەی عیراقی نوێی لەسەر وەستاوە"[19]. "لەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەکەسایەتییەکانی عەشیرەتی هەرکی، مام جەلال رایگەیاند ی.ن.ک هەرکییەکان بەنزیکی خۆی دەزانێت و بەڵێنی پێدان کەحکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان رادەسپێرێ بۆ جێبەجێکردنی خواستە رەواکانیان"[20]. "لەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ

---

[12] کوردستانی نوێ، ژمارە 3498، پێنجشەممە 2004/10/14.

[13] کوردستانی نوێ، ژمارە 3499، هەینی 2004/10/15.

[14] کوردستانی نوێ، ژمارە 3503، چوارشەممە 2004/10/20.

[15] کوردستانی نوێ، ژمارە 3504، پێنجشەممە 2004/10/21.

[16] کوردستانی نوێ، ژمارە 3505، هەینی 2004/10/22.

[17] کوردستانی نوێ، ژمارە 3507، دووشەممە 2004/10/25.

[18] کوردستانی نوێ، ژمارە 3508، سێشەممە 2004/10/26.

[19] کوردستانی نوێ، ژمارە 3511، هەینی 2004/10/29.

[20] کوردستانی نوێ، ژمارە 3513، دووشەممە 2004/11/1.

کەسایەتییەکان و کادیرانی ڕێکخستنی شارەکە، مام جەلال: زاخۆی سەربەرز لەمێژووی سیاسی و ڕووناکبیریی کورددا شوێنێکی بەرچاوی هەیەو ئێمە لە ی.ن.ک هەرچی بۆ بکەین هێشتا بەکەمی دەزانین"[21]. "لەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ نوێنەران و کەسایەتییەکانی شاری ڕانیەو دەوروبەری، مام جەلال بڕیاری کردنەوەی کۆلێژێکی لەشارەکە ڕاگەیاندو لایەنە بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێمی ڕاسپارد کە پەلە لە تاپۆکردنی(2000) خانووی ئۆردوگای ڕانیەدا بکەن"[22]. "لەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ جوتیاران و کەسایەتییەکانی گوندەکانی دەشتی کۆیەو ناحیەی ئاشتی، مام جەلال: دەشتی کۆیەو دێهاتەکانی چاکەی زۆریان بەسەرمانەوەیەو بەچاوی بایەخ و پەرۆشییەوە لەخزمەتکدنیان دەڕوانین"[23]."لەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ کەسایەتییەکانی تیرەی تەرخانی، مام جەلال ستایشی ڕۆڵی تێکۆشەرانەی کردن و ڕایگەیاند ی.ن.ک بەشانازییەوە پشتیوانتانەو ئاگای لێتان دەبێت"[24]."لەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ کەسایەتییە جیاجیاکانی عەشیرەتی نەوروڵی، مام جەلال: شانازیی بەئێوەوە دەکەین و سەربەرزین کەپشتیوانی وەکو ئێوەمان هەیە"[25]."لەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ وەفدێکی تورکمانەکانی شاری کەرکوک، مام جەلال: بڕوامان وایە کە لەکەرکوک دەبێت بەتایبەتی خزمەتی برا تورکمانەکان بکەین و مافە ڕەواکانیان بەزیادەوە جێبەجێ بکەین"[26]."لەدوو کۆبوونەوەی جیادا لەگەڵ ڕووناکبیران و لێپرسراوانی شاری قەڵادزێ و دەوروبەری و نوێنەری عەشیرەتی گەڵاڵی، مام جەلال: لەچوارچێوەی ئەو پلانەی دامانناوە بۆ بڵاوکردنەوەی کۆلێژو پەیمانگەکان لەناوچە جیاجیاکانی کوردستاندا، کۆلێژێک لەزانکۆی کۆیە دەگوازینەوە بۆ شاری قەڵادزێ. بەڵێنتان بۆ نوێدەکەمەوە کە یەکێتی لە گەڵاڵییەکان جیاناکرێتەوەو گەڵاڵییەکانیش لەیەکێتی جیاناکرێنەوە"[27]."لەدوو کۆبوونەوەی جیادا لەگەڵ مامۆستایانی کوردستان و نوێنەرانی دەڤەری پشدەرو قەڵادزێ، مام جەلال: ڕۆڵی مامۆستا تەواونابێت، هەردەمێنێ و گەشەدەکات. مژدەتان دەدەمێ کە لەچوارچێوەی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، ناوچەی پشدەرو قەڵادزێ یەکەم ناوچە دەبێت کە لادێی هاوچەرخی تێدا دروست دەکرێت"[28].
ئەو نموونانەی سەرەوە پێشوازییکردن و کۆبوونەوەکانی جەلال تاڵەبانین، لە ماوەیەکی کورت و دیاریکراودا، کە لە 2004/8/19-2004/11/12 دەگرنەوە و هەموو ڕۆژەکانی نێوان ئەو دوو مێژوویەیشی تێدا نیین. ئەگەر بڕێک ورد بنۆڕیتە کوردستانی نوێی ئەو ڕۆژانە و

---

[21] کوردستانی نوێ، ژمارە 3514، سێشەممە 2004/11/2.
[22] کوردستانی نوێ، ژمارە 3515، چوارشەممە 2004/11/3.
[23] کوردستانی نوێ، ژمارە 3516، پێنجشەممە 2004/11/4.
[24] کوردستانی نوێ، ژمارە 3517، هەینی 2004/11/5.
[25] کوردستانی نوێ، ژمارە 3518، یەکشەممە 2004/11/7.
[26] کوردستانی نوێ، ژمارە 3519، دووشەممە 2004/11/8.
[27] کوردستانی نوێ، ژمارە 3522، پێنجشەممە 2004/11/11.
[28] کوردستانی نوێ، ژمارە 3523، هەینی 2004/11/12.

قسەکانی جەلال تاڵەبانی بخوێنیتەوە و ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکان بهێنیتەوە یاد، ئەم چەند خاڵەت لا ڕوون دەبنەوە:

1. ڕووپەلی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێی ئەو ڕۆژانە، هەموو ڕۆژێک، یەک جۆرە دیمەن و یەک جۆرە وێنەی لە سەرە و بە سەردێڕێکی گەورە و درشت هەواڵی ئەو کۆبوونەوانە نووسراوە. وێنەکان بریتین لە دوو بەش. لای چەپی لاپەڕەکەوە جەلال تاڵەبانی لە شوێنێکی بەرز، گەلێک بەرزتر لە خەڵکەکەی لەگەڵیان کۆبووتەوە دانیشتووە و دوو کەس لای چەپ و ڕاستیان گرتووە و بە دەمێکی بە پێکەنینەوە قسە دەکات. لای ڕاستی ئەو وێنەیەش، خەڵکەکەن، کە هاتوون بۆ لای تاڵەبانی و لە هۆڵێکی گەورەدا، کە کۆلەکەیەک کردوویەتی بە دوو لەتەوە، ڕێک وەک پاکەتی سەر ڕەفی فرۆشگە و کتێبی سەر ڕەفی کتێبخانان، دانیشتوون و تەنێ گوێ دەگرن.

2. بێجگە لە هۆز و خێڵی کورد: کاکەیی، جاف، گەرگەری، سوورچی، میراودەلی، مەنگوڕ، غەوارە، گۆران، هەرکی، تەرخانی، نەورۆلی، گەلاڵی و...ئەو خەڵکانەی، کە جەلال تاڵەبانی لەگەڵیاندا کۆدەبێتەوە، نوێنەری ئایینەکانی: ئێزدی، کاکەیی، شەبەک، کلدان، ئاشووری، سریان، سوننەی عەرەب، شیعەی عەرەب و..نوێنەری کەمینە نەتەوەەیەکانییش: تورکمان نوێنەری هۆز و خێڵی عەرەبیش دەگرێتەوە. ئەوەیشی کە بە نێوی کەسایەتی فلانە دەڤەر لەو کۆبوونەوانەدا باس کراون، ئەوانەش هەر خەڵکانێکی سەر بە هۆز و خێڵن و زۆریان ئەندامانی خێزانگەلی سەرۆکایەتیی یا ڕسێنسپی و دەمڕاستی هۆز یا خێڵێکن.

3. جەلال تاڵەبانی، بۆ ئەو خەڵکانەی کۆیان دەکاتەوە و قسەیان بۆ دەکات، دنیایان بۆ دەکاتە بەهار و سەدویەک بەڵێنیان دەداتێ، کە دەبێ نوێنەریان لە پەرلەماندا هەبێت و، کە هەرچییەکیان بۆ بکرێت هێشتا هەر کەمە و، کە لادێ و گوندی هاوچەرخیان بۆ دروست دەکرێت و، کە یەکیەتیی لەوان جیاناکرێتەوە و ئەوان لە یەکیەتیی جیا ناکرێنەوە و، کە کۆلێژێکی زانکۆیان بۆ دەگوێزێتەوە شارەکەیان و، کە شانازییان پێوە دەکات و سەربەرزە بەوەی پشتیوانی وەک ئەوانی هەیە و، کە ڕۆڵی تێکۆشەرانەیان هەبووە و، کە چاکەیان بە سەریەوە و سەریانەوە هەیە و، کە دەبێ خزمەت بکرێن و بودجەیان بۆ تەرخان بکرێت و، کە دەبێ گرنگیی بە خۆیان و ناوچەکەیان بدرێت و، کە لە دەسگاکانی حوکوومەتدا دایانمەزرێنن و، کە خەرجیی دامەزراندن و پێکهێنانی فلانە شتیان بۆبدرێت و...زۆری دیکەش.

4. بەشێکی زۆری ئەو هۆز و خێل و کەسایەتیی و نوێنەر و خەڵکانەی پێشوازییان لێ دەکات، خێڵ و هۆز و کەسایەتی و خەڵکانێکن، کە لە ڕووی جوگرافیاییەوە و بەگوێرەی ئەو دابەشکردنەوەی باشووری کوردستان، کە هەردوو دەسەڵاتی کورد کردوویانە، دەکەونە دەڤەرەکانی بندەستی پارتییەوە. ئەو خەڵکانە، کە لە شێخان و زاخۆ و زەممار و...ئەوانەوە دەگەنە سلێمانی، بۆ ئەوەی جەلال تاڵەبانی ببینن و وێنەی لەگەڵدا بگرن، دیارە

ڕێگەیەکەی زۆر دوور دەبڕن تا دەگەنە ئەوێ. ئەوانە هەروا بە ئاسانی و هەر لەخۆڕا نایەن بۆ سلێمانی، بەڵکە بە کاریگەری نوێنەرانی جەلال تاڵەبانی خۆی لەو دەڤەرانەدا و هاندانی ئەوان و بەڵێنی چەوری ئەوان، ئەو هەموو ڕێگەیە دەبڕن، بۆ ئەوەی بگەنە سلێمانی و گوێ لەو بەڵێنانە بگرن. ئەگەر وەک دوو کارگێڕیی و دوو دەسەڵاتی جیاواز تەماشای یەکیەتیی و پارتیی بکەیت، کە لە ڕاستیشدا نەک هەروان بەڵکە وەک دوو دەوڵەتی یەکجار جیاوازن، ئەوا ئەوەی جەلال تاڵەبانی دەیکات، بە کۆبوونەوەی لەگەڵ خەڵکانی ئەو دەڤەرانەی بندەستی پارتییدا و ئەو بەڵێنانەی بەوانی دەدات، کارێکی ناقانوونییە و دەستخستنە نێو دەڤەرەکەی ئەوانەوەیە. جەلال تاڵەبانی و حیزب و دەسەڵاتدارییەکەی ئاوڕ لە: ئاوارەکانی ڕەمادی، کە ئێستا لای دەربەندیخان دەژین و ئاوارەکانی کەرکووک، کە لە ژێر چادردا دەژین و ئەنفالکراوانی سموود و ئاوارەکانی خانەقین و مەندەلی، کە لە ئێرانەوە گەڕاونەوە و هەموویشیان سەر بە دەڤەری دەسەڵاتەکی خۆیانن، نادەنەوە و بۆ تەرخانکردنی پارەیەک بۆ وەدەرنانی عەرەبی کەرکووک و گێڕانەوەی کەرکووک و دەڤەرەکانی دیکە، بۆ ئامێزی کوردستان، پێسکەیی و ڕەزیلی دەکەن، بەڵام بۆ شوێنانێکی ژێر دەسەڵاتی پارتیی پارە هەڵدەڕێژن و بەڵێنی هەرچی زۆرترە دەدەن، ئەمە بۆ خۆی لە ڕێکلام بۆ خۆ و هەڵگێڕانەوەی ئەو خەڵکە لە لایەنەکەی دیکە و سازکردنی جۆرە ئاژاوەیەک زیاتر شتێکی دیکە نییە.

5. زۆرێک لەوانەی لەو کۆبوونەوانەدا دادەنیشن و گوێ لە جەلال تاڵەبانی ڕادەگرن، سەردەمانێک و تا ئەم ساڵانەی دواییەش، بە شێوەیەک لە شێوەکان پێوەندیان بە ڕێژیمی بەعسەوە هەبووە و خزمەتیان بە نەیارانی کورد کردووە، دیارە مەبەستم بێجگە لە خێڵ و هۆزگەلی کورد، سوننەی عەرەب و هۆزی عەرەب و تورکمان و سریان و ئەوانەشە، کەچی تاڵەبانی هەر هەموویان وەک تێکۆشەر و خەباتکار نێودێر دەکات و پەسنی هەموویان دەدات.

6. ئەو کۆبوونەوە و دانیشتنانە، کە بەشێکی زۆریان دەبنە میوانداری و بانگهێشتن و مانەوە و هوتێل و خوان و خۆراکی نایاب و خواردنەوە، کۆڵێک پارەی تێدەچێت، کە بۆ مەبەستێکی ناڕەوا بەکاردەبرێت و کارێکە تەنێ خزمەت بە جەلال تاڵەبانی خۆی و دەوروبەرەکەی دەکات و هیچی دیکە.

7. تەواوی ئەو کارانەی جەلال تاڵەبانی ئەنجامی دەدات و میدیاکانی حیزب و دەسەڵاتەکەی ڕێکلامی بۆ دەکەن و گەورەی دەکەنەوە و چەندین حەفتە لێکێدەدەنەوە و دەیخوێننەوە و تاوتوێی دەکەن و نانی پێوە دەخۆن، لە پێناوی خڕکردنەوەی دەنگدا دەکرێت و تەنێ بۆ ئەوەیە، کە ئەو خەڵکانە لە جەلال تاڵەبانی و حیزبەکەی ڕازی بن و ئەوانیان پێ باش بێت و وردەوردە بۆ نێو بازنەی ئەو حیزبەی وی پەلکێش بکرێن، دەنا ئیدی کێ هەژاران و لێقەوماوانی ئەو خەڵکە دەخوێنێتەوە!.

8. دامەزراندنی مەکتەبی کۆمەڵایەتی، کە کونبەکون بە شوێن خێڵ و هۆزدا دەگەڕێت و مووچەی دیوەخانانە و سەرۆکهۆزانە و پیاوماقوڵانە بۆ خەڵکانی خێڵ دەبڕێتەوە و هەردەم خڕکردنەوەی خزمانی فلانە هۆز و سەردانی فلانە خێڵ و پرسە و سەرخۆشییلێکردنی سکرتێری گشتیی یەکیەتیی بۆ فیسارە تیرە، بۆ خۆی برەوپێدانی خێڵ و هۆز دەگەیەنێت.

جەلال تاڵەبانی و حیزب و دەسەڵاتەکەی، کە چل ساڵە وەک ئایدیۆلۆژیا و دید و سێزدە ساڵیشە وەک دەسەڵات، بانگاشەی "کۆمەڵگەی مەدەنی" و "سەروەری قانوون" و "ڕێکخراوی جەماوەری و گەلی" و "سەندیکا" و "بیری هاوچەرخ" و "شۆڕشی نوێ" و "پاکسازی و چاکسازی" و گۆڕانکاریی لە دەسەڵات و ...دەیان دروشمی زەق و زل دەکەن، هەرگیز نە لەگەڵ خۆیاندا و نە لەگەڵ خەڵکی کورددا ڕاستیان نەکردووە. ئەوان، کە خەڵکی دیکە بە خێڵەکیەتیی و هۆزگەرایی تاوانبار دەکەن، بۆ خۆیان ئەو کارە دەکەن و برەو بە هۆزبازیی دەدەن. سیستمی هۆز و خێڵ، کە بەشێکە لە پێکهاتەی جڤاکیی ڕۆژهەڵات _بە کوردیشەوە_ و بەشێکە لە جڤاکی شوانکارەیی، دەرەبەگی و وەرزێری، لە بری هەوڵدان بۆ لاوازکردن و کاڵکردنەوە و نەهێشتنی لە نێو جڤاکی کورددا و چەسپاندن و خستنەگەڕی ڕێکخراوی گەلێر و جەماوەری و گرنگییدان بە تاکی کورد و هێنانەگۆڕێی یەکسانی لە بەردەم قانووندا، تازە بە تازە جەلال تاڵەبانی و حیزب و دەسەڵاتەکەی برەوی پێ دەدات و بانگاشەی بۆ دەکات و جڤاکی کورد، لە سەر بنەمای سیستمی هۆز دابەش دەکات. سیستمی حیزبایەتی بۆ خۆی وەک شێوەیەکی ڕێکخستن و پێکهاتەی جڤاک و فەرمانڕەوایی، گەلێک لە سیستمی خێڵەکییەوە دوورە و لەگەڵیدا ناگونجێت، چونکە حیزب لە سەر بنەمای ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینی و بیروباوەڕ و دید پێک دێت، کە کۆمەڵێک خەڵکی بڕوا بە یەک بیر و بۆچوون بوو، لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکدا کۆ دەکاتەوە و بۆ یەک مەبەست و ئامانج خەبات دەکەن. هەرچی خێڵ و هۆزیشە لە سەر بنەمای خوێن و خزمایەتی پێک دێت و یەکدەگرنەوە. جەلال تاڵەبانی و حیزبەکەی، کە دێنە قسە، خۆیان لەگەڵ ڕۆژاوا و جڤاکە دیموکراتییەکان و بەها مرۆڤییەکانی جیهان و ئابووری و تەکنێک و چەمکی نوێی جیهانگەریدا، دەپێون و دەم لە دیموکراتاندنی جڤاکی کورد و خۆراوایاندنی کوردستان دەکوتن، کە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ خێڵ و هۆزدا وێکنایەنەوە و دوو دید و جیهانبینیی جیاوازن، لە ڕاستیدا و بە کردەوە سیستمی هۆز و خێڵ زیندوو دەکەنەوە و برەو پێ دەدەن و جڤاکی کوردی بە سەردا دەبەشنەوە. هیچ یەکێک لە حیزبەکانی کورد، لە ئایدیۆلۆژیای هۆز و خێڵ ڕزگاری نەبووە و هۆزگەرایی بەشێکی سەرەکی و گرنگ لە پێکهاتە و جیهانبینی ئەو حیزبانە پێک دەهێنێت، بەڵام بانگاشەی پێچەوانەی ئەوە و خۆ بە هاوچەرخ و نوێخواز و دیموکرات و دامەزرێنەری کۆمەڵگەی مەدەنی و سەروەریی قانوون و ڕێزگرتن لە تاک و ئازادی بیروڕادەربڕین و...زان و بەکردەوەش تا سەر ئێسک خێڵەکی وەک ئەوەی جەلال تاڵەبانی و حیزبەکەی دەیکەن، ئەمەیە کارەسات و ئەمەیە شەوارەپێکردن و چەواشەکاری، کە دەبێ کورد لێی وەئاگا بێتەوە. ئەگەر سیستمی هۆز و خێڵ دەکرێنە پێگەی حیزب و دەبنە چەمکێکی برەوپێدراو و

زیندووڕاگیراو و بنەمایەک بۆ بیرکردنەوە و تێڕوانین و سیاسەت و فەرمانڕەوایی و بیناکردنی جڤاک و ئابووری و فەرهەنگ، ئیدی با حیزبی کوردیی، وشەی نیشتمانی و دیموکراتی و سۆسیالیستی و نەتەوەیی و ئیسلامی و ...لە خۆی بکاتەوە و نێوی حیزبەکان بگۆڕدرێن بۆ: حیزبی جاف و حیزبی هەرکی و حیزبی ئێزدی و حیزبی تەرخانی و حیزبی گەرگەری و حیزبی کاکەیی و حیزبی بەرزنجی و حیزبی سوورچی و حیزبی میراودەلی و حیزبی سەدان هۆزی دیکە. کۆمەڵگەی کوردەواری، بە سایەی سەری سیاسەتکاران و سەرانییەوە، تا دێت ورد و وردتر دەکرێتەوە. چەندپارچەیی کوردستان و چەندبەشیی باشووری کوردستان و چەندئایینی کورد و چەندزاراوەیی کورد، ئەمانە هیچیان سەرانی کوردیان تێر نەکرد و دڵیانی خۆش نەکرد، ئەوجا ڕەنگە هۆزگەرایی و خێڵبازیی برێک دڵیان فێنک بکاتەوە. سەرکردەگەلێک و حیزبگەلێک و سیاسەتکارگەلێک، وەها پرسی کورد بخوێننەوە و سیاسەت بکەن، هەرگیز چاوەڕوانی دواڕۆژێکی ڕووناکتریان بۆ کورد لێ ناکرێت و تادێت کورد بەرەو تاریکی دەبەن.

2004/11/24